کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



## جەنگی عیشق ... توانا عمر

ئێوارەیە
بە دیار دالْغە بێ ماناکانی
تۆوە ڕادەمێنم
لە شەقامە چۆڵەکانی سەر خاکت
پیاسە دەکەم بۆ
بێدەنگی
سەیرکە لێرە عیشق
تەنها قوربانی دانە
سەیرکە عیشق
فێری ڕق و کینە و
دژایەتیمان دەکات
فێری بێ ئومێدی و
دابڕانمان دەکات
ئێستاش لەناو
جەنگی عیشقدا
بە جەستەیەکی ووشکەوە
بەرگری لە عیشقی تۆ
دەکەم
جەنگی عیشقە و
من و تۆ و ئەوانیش
فێری دژایەتی
بووین
سەیرکە ژیان
تەمەنمان دەهاڕێ و
ووردە ووردە
لە خۆشیەکان دامان
دەبڕێ
بێ بە زەییانە لەگەڵ یەکدا
دەجەنگین
لە جەنگەڵستانی عیشق
پارچە پارچە بوونی
لاشەکانمان
بوو بە درەخت
لەناو کێڵگە ووشەك بووەکانی
ئەم پایزەدا

سەیرکە بێ بەزەییانە
چۆن بە مەرگی من و تۆ و
ئەوی تریش
گلەی لە بەختی خۆمان دەکەین
گلەیی لە بەرد و داری
ئەم خاکە دەکەین
کە مرۆڤەکان
دەستیان لێ دەدەن و
خوێنی یەکتری پێ
دەردێنن

twanamusic@yahoo. com